# حەفدە ساڵ لەمەوبەر شارێك بەدانیشتوانەكەیەوە دەفنكران هێشتا تاوانباران پاكانەیان بۆ دەكرێت

حەفدە ساڵ لەمەوبەر هەزاران كەس لە دانیشتوانی شارێك لە چەند چركەیەكدا بوونە قوربانی و ئێستەشی لەگەڵدا بێت ژمارەیەكی یەكجار زۆر بە دەم ئازارو تراژیدیەكانی ئەو كارەساتەوە دەناڵێنن و هیوایەك بە چاكبوونەوەیان پاش 14 سال دەستەلاتی ( خۆماڵی ) هێشتا هەر مەحالە .

ئەگەر تای ترازوی مرۆڤایەتی كێشانەی تاوانەكانی بەعس بكات، ئەوا بێشك ئەو ڕژێمە لە خانەی فاشیسترین ڕژیمەكانی سەدەی ڕابردو لە قەلەم دەدات. ئەگەر یەكێك لە گەورەترین تاوانەكانی ئەو ڕژیمە نمایش بكرێت، ئەوا بێشك سیمای شاری هەلەبجە دەبینین كە چۆن لەچەند چركەیەكدا بە گشتی كرایە گۆرستانی بەكۆمەڵ. كارنامەی دەستەلاتداریەتی بەعس لە ماوەی 35 ساڵ فەرمانڕەوایدا سەر تا پا تاوان و جینۆساید و كوشت وكوشتارو لە سیدارەدان و كۆچی زۆرەملی و شەڕو وێرانكاری بووە . گۆمانی تێدا نیە كە دەستی تاوان و كردوە فاشیستەكانی ئەو ڕژێمە لە دەروازەی هەموو مال و خیزانێكی سەرتاسەری عیراق و كوردستانی داوە، بەلام ئەمڕۆ سەرباری ئەوەی كە ئەوا دوو سالە ئەو حكومەتە فاشیستە گۆڕبەگۆڕ كراوەو ژمارەیەك لە تاوانبارانی بەعس دەسگیركراون، بەلام دەبینین و دەبستین كە تا ئیستە كەمترین كار بۆ پەردەهەلمالینەوە لەڕووی تاوانەكانی ئەو حكومەتە ئەنجام نەدارەو و تازە ڕۆژێك كاربەدەستانی ئەمەریكاو ڕۆژێكی تر وەزیرو گزیرەكانی حوكمەتەكەی بن دەستی بە زمانی جۆراوجۆر پاكانە بۆ تاوانەكانی سەرانی بەعس دەكەن و گۆمانی بەكارهینانی چەكی كیمیای لە هەلەبجەدا دەدەنە پاڵ حكومەتی جمهوری ئیسلامی ئیران و یان لەباشترین حالەتدا تەنها كاتیك فایلی سەرانی بەعسیان هەلدەدەنەوە كە مزایدەی بەسەرەوە بكەن و بیانەویت بیروڕای گشتی بە دوای ئامانجیكی خۆیان پەلكیش بكەن.

دیوێكی تری تراژیدیای هەلەبجە پاش 14 سال ڕاماڵینی بەعس لەم شارەدا ئەوەیە كە هێشتا سیمای شارو رووخساری یەك بە یەكی تاكەكانی هەر لە قوناغی سەرەتای ڕوودانی ئەو كارەساتەدا هێلادراوەتەوەو لە لاواندنەوە پیاهەلچدان زیاتر برینی تاكیكی ئەم شارە سازڕێژ نەكراوەو هەوالێك نیە بۆ ئاورلیدانەوە لە ژیان و گوزرەانی خەلكی ئەم شارە پاش دوو سال گۆربەگۆركردنی بەعس و دەستەلاتی حكومەتی فرە حزبیش .

هەقیقەت ئەوەیە كە ئەم چەند ساڵە كارەساتی هەڵەبجە زیاتر لە هەرشتیك كراوەتە كارتێكی سیاسی و سەرمایە گوزاری لە پالدا كراوە . بۆیە تەنها ڕێگەیەك بۆ ساریژكردنەوەی ئازارەكانی خەڵكی هەلەبجە دەبرینی نارەزایەتی و هاتنەمەیدانی بەرەی ئازادیخوازو هەموو كەسانێكی شەرافە تمەندو خاوەن هەلوێستە دژ بە هەموو تاوانەكانی بەعس و بەسزاگەیاندنی هەموو ئەو كەسانەی كە دەستیان لەكوشت وكوشتارو سەركوتی خەلكی عیراق و كوردستاندا هەبووە. ئەمەش لەگرەوی دادگای كردنی ئاشكراو نیونەتەوەی سەدام حسین و سەرانی بەعسدایە بە شێوەیەك كە یەكێك لە تاوانەكانی سەرانی ئەو ڕژێمە بە ڕەسمیەت ناسینی تاوانی جینۆسایدە.

بیگۆمان قەرەبووكردنەوەی زەروزیانەكانی خەڵكی ئەم شارە دەبیت هاوكات لەگەل هەر بڕیارێك لەسەر چارەنووسی سەرانی بەعس ڕەسمی بكریتەوە تاچیدی لەوە زیاتر تراژیدیای هەلەبجە ڕێگەی پێ نەدرێت بكریتە وەسیلەی سەرمایە گوزاری بە دەست حزب و لایەن و دەستەلاتەكانی ئەمڕۆی كوردستان و عیراقەوە . كەمپینی دادگایی كردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس لایەنێكی بەرپرس و ئامادەیە بۆ كاركردن بۆ ئەم مەسەلەیەو یەك لای كردنەوەی ئەو كارە هەر ئیستە لەگەل دەیان حزب ولایەن و ریكخراوی كریكاری و ئیسنان دۆستادا تەرفەین بە مەبەستی هەنگاوهەلهینانەوەیەكی كاریگەر بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەركە.

لە یادی حەفدە سالەی كیمیای بارانی خەلكی شاری هەلەبجەدا تەنها ریزو وەفا بۆ خەلكی ئەم شارە بە سزا گەیاندنی تاواباران و هەنگاو هەلهینانەوەی بە كردوەیە بۆ دەستەبەركردنی داخوازیەكانی خەلكی شاری هەلەبجە .

كەمپینی دادگایی كردنی سەدام حسین و سەرانیبەعس

مارسی 2005